# خۆراكی دوو كەس؛ بەشی سێ كەس دەكات، وخۆراكی سێ كەس؛ بەشی چوار كەس دەكات

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- كە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «(بەشە)خۆراكی دوو كەس؛ بەشی سێ كەس دەكات، و(بەشە) خۆراكی سێ كەس؛ بەشی چوار كەس دەكات». ولە گێڕانەوەی (مسلم) دا: لە جابرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- كە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «(بەشە) خۆراكی یەک كەس؛ بەشی دوو كەس دەكات، و (بەشە) خۆراكی دوو كەس؛ بەشی چوار كەس دەكات، و (بەشە) خۆراكی چوار كەس؛ بەشی هەشت كەس دەكات».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە - بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

فەرموودەكە هاندانی تێدایە بۆ بەشداری كردن لە خواردندا، ئەگەر خواردنەكە كەمیش بێت ئەوا هێندەی پێویستە لێی بەدەست دەهێندرێت، وبەرەكەت وپیرۆزی تێدەكەوێت كە هەموو ئامادەبووانی دەگرێتەوە، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هاندەدات بۆ لەخۆبردوویی (الإيثار) واتا ئەگەر خۆراكەكەت هێنا وپێت وابوو بەشت دەكات، وپیاوێكی تر هات بۆئەوەی بەشدارت بێت لە خواردنیدا؛ ئەوا ڕەزیل مەبە، ومەڵێ ئەمە تەنها خۆراكی منە؛ بەڵكو بەشی بدە چونكە بەشی هەردووتان دەكات.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/6057

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee